# چاك هێزه سیاسییه‌كانی كوردیان خراپ شه‌رمه‌زاركرد

قادر نادر

2005/12/ 28

دوای ئه‌وه‌ی رژێمی به‌عس له‌كوردستان به‌رنامه‌ی له‌ناوبردنی كوردی كرده پراكتیك , پرۆسه‌كه‌ش خۆی له ته‌عریب و ئه‌نفال و كیمیابارانی شارۆچكه‌و گونده‌كانی كوردستانی گرته‌وه , دوای داگیركردنی كوێتیش له‌لایه‌ن رژێمی به عسه‌وه بوارێكی سیاسی باش بۆ جولانه‌وه‌ی كورد ره‌خسا , كه جاری سه‌ربه‌خۆیی بدات به‌تایبه‌تی دوای كۆچره‌وی 1991,یان به‌لایه‌نی كه‌م زۆر ئاسته‌نگی پێش سه‌ربه‌خۆیی كوردستان كه‌م ببوه‌وه, ئه‌مه‌ش له ئه‌نجامی ئه‌و هاوسۆزیه جیهانییه بوو بۆ كورد هاته ئاراوه , له نێوه‌نده سیاسی و جه‌ماوه‌ریه‌كاندا, به‌لام ئه‌ی یه‌كێتی و پارتی چۆن مامه‌له‌یان له‌گه‌ل جینۆسایدی كورد كرد؟

له‌بری ئه‌وه‌ی وه‌ک چۆن یه‌هودیه‌كان زیاتر له 50 ساله به‌دوای دادگایی تاوانبارانی هۆلۆكۆست داده‌چن ,ئه‌مانیش به دوای تاوانباری جینۆسایدی گه‌له كه‌مان بونایه,كه‌چی پێچه‌وانه‌كه‌ی روویدا ,15ساله رۆلێكی باشیشیان داونه‌تێ له‌ده‌سه‌لاتی سیاسید ا.

له‌بری ئه‌وه‌ی وه‌ک ئه‌رمه‌نه‌كان ولات به ولات و په‌رله‌مان به په‌رله‌مان به دوای جینۆساید ناسینی كێشه‌كه‌مان دا بچونایه , كه‌چی له‌دادگایی جه‌لادی كورد (نزار خه‌زره‌جی)له دانیمارك نامه‌ی (مه‌لای خه‌تێ) یانه‌یان (( هه‌ریه‌ك له مام جه‌لال و لقی ده‌ره‌وه‌ی پارتی و بزوتنه‌وه‌ی ئیسلامی )) نوسی, كه تاكه به‌لگه‌یه‌كی بێ تاوانی خه‌زره‌جی بوو له دادگادا.یان ئه‌وه‌تا ئاگره سووره له من دووره‌یان هه‌لبژارد له دادگایی فرانس ڤان ئه‌نرانت , چاك له‌مه شانسی هه‌بوو كه ئه‌نرانت كه‌سایه‌تیه‌كی دیاری عێراقی نه‌بوو ئه‌گه‌رنا ئه‌م دوو هێزه وه‌ک خه‌زره‌جی ده‌بونه خه‌مخۆری و لای ئه‌مه‌ریكیه‌كانیش به‌ناوی پێویستی بۆعێراقی نوێی هیواو ئاشتی ئازادیان ده‌كرد ؟

له‌بری ئه‌وه‌ی نه‌ته‌وه‌ی عه‌ره‌ب وعێراقی عه‌ره‌بی له‌سه‌ر جینۆساید كردنی گه‌له‌كه‌مان تا داوای لێ بوردنمان لێ نه‌كه‌ن و قه‌ره‌بووی مادیمان بۆ نه‌بژێرن له‌گه‌لیان ئاشت نه‌بینه‌وه ,به پێچه‌وانه‌وه پارتی خۆی بێ به‌رامبه‌ر داوای ئاشتی لێكردن له‌كۆنگره‌یه‌كدا له‌سالی 2004 له شاری هه‌ولێر,سه‌ره‌رای ئه‌مه‌ش زۆرینه‌ی هێزه سیاسییه سونییه عه‌ره‌بییه‌كان رازی نه‌بوون بێنه كۆنگره‌كه.

له‌بری ئه‌وه‌ی وه‌ک ته‌یموری رۆژهه‌لات دوای ئه‌و كوشتاره به كۆمه‌له‌ی لێیان كرا هاوسۆزی جیهانیان بۆ خۆیان كێشاو جاری سه‌ربه‌خۆیی نیشتمانه داگیر كراوه‌كه‌یان دا ,كه‌چی له‌مه‌ش یه‌كێتی وپارتی پێچه‌وانه‌یان هه‌نگاو نا , دوای رووخانی رژێمی سه‌دام ولاتێك نه‌ما ناوی عێراق بێت , كه‌چی ئه‌مان رۆلی هه‌ره بالایان گێراوه له‌بنیاتنانه‌وه‌ی عێراقی نوێ و ئاشتیدا.

ئه‌مه سه‌ره‌رای ئه‌وه‌ی بنه‌ماله وناوچه ئه‌نفالكراوه‌كانیش كه‌مترین پرۆژه ی خزمه‌تگوزاریان به‌ركه‌وت وخراپترین بارودۆخی ئابووری وكۆمه‌لایه‌تیان له 15 سالی رابردووی ژێر ده‌سه‌لاتی ئه‌م دووهێزه برده سه‌ر .

چاك وه‌ک رێكخراوێكی راستگۆ له گه‌ل به‌رنامه‌و ئاخافتنه‌كانی , توانیویه‌تی مه‌سه‌له‌ی جینۆسایدو كێشه‌ی گه‌له داگیركراوه‌كه‌ی بخاته به‌رده‌می دادگا و میدیا و په‌رله‌مانتارانی ئه‌وروپا,كه ده‌كرێت وه‌ک سه‌ره‌تایه‌كی گرنگ و گۆرانێكی ریشه‌یی له مامه‌له‌ی خه‌باتی سیاسی و دیبلۆماسی كورد بژمردرێت.

ئێستا خه‌لكێكی به‌رفراوان ئه‌وپرسیاره ده‌كات, ئه‌و هه‌لوێسته له چییه‌وه سه‌ر چاوه ده‌گرێت كه چاك به كۆمه‌كی مادی ئه‌ندام و دۆیستانی به چه‌ند هه‌زار دۆلارێك و خه‌باتی ته‌نیا2 كادیری (عه‌لی مه‌حمود و ئه‌میر قادر) بتوانێت یه‌كه‌م جار له مێژووی ئه‌م گه‌له تێكۆشه‌ره ,یه‌كێك له‌تاوانباره سه‌ره‌كیه‌كانی كۆمه‌لكوژی گه‌له‌كه‌ی بداته دادگایه‌كی نێو ده‌وله‌تی و پارتی و یه‌كێتیش به ئیمپراتۆریه‌تێكی دارایی و جه‌ماوه‌ری و ده‌سه‌لاتیان نه‌توانن یه‌ک تاوانباری جینۆسایدی كورد بده‌نه دادگا!!؟

دلنیام ئێستا وەلامەکەی لای هەموو کەس روونە ,ئەویش تەنیا و تەنیا دلسۆزی و راستگۆیی چاک و دروشم دان و بازرگانی کردنی ئەم دوو هێزەیە بەرامبەر جینۆسایدی کورد , بۆراستی ئەم وتەشمان ئەگەر دەتوانن بەقەبارەو ئەو 15 سالەی دەسەلاتییان با چەند دەستکەوتێکی خۆیانمان بۆ بژمێرن .

rezwankader@hotmail.com